# کۆڵۆمبس بۆ بەهارات و ئاوریشم دەگەڕا ئەمریکای دۆزییەوە

وەرگێڕان و کورتکردنەوەی
عەتا مەلا کەریم
بەریتانیا

سەرزەمینی ئەمریکا

کاتێک ئێستا باسی ئەمریکا دەکەین، زۆبەمان بیر لە وڵاتێک دەکەینەوە کە خاوەنی بینای بەرزو شاڕێی پانو بەرین و خواردنی جۆراوجۆرە، جیهانێکە بۆخۆی و خاوەنی بەهێزترین دەوڵەتی پیشەسازی و سەربازی جیهانە. بەڵام ئەم پێشبینیانە زۆر جیاوازبون بۆ کریستۆفەر کۆڵۆمبس کاتێک ٥١٢ ساڵ لەمەوبەر بە کەشتی گەیشتە ئەوێ.

یەکەم کاردانەوەی ئەو دەبێت هەناسەیەکی حەوانەوەو پشودان بووبێت، دوای ئەوەی کە بۆ ماوەی ٣٢ ڕۆژ دەریای تەیکرد بەبێ بینینی وشکانی. پیاوەکانی ویستیان بگەڕێنەوە هەتا ئەوەندە خواردن و ئاویان پێماوە کە پێی بگەنەوە ئیسپانیا. مەترسی ئەوەیان هەبوو کە بمرن ئەگەر بەردەوام بن لەسەر گەشتەکەیان.

هەرچۆنێک بوو کۆڵۆمبس ڕازیکردن کە تەنها بۆماوەی سێ ڕۆژی دیکە بەردەوامبن. وە لە ١١ی ئۆکتۆبەری ١٤٩٢دا، کاتێک سێ ڕۆژەکەی کە داینابوو تەواوبوو، پۆلە باڵندەو داردەستی بەدەست ڕێکوپێککراوو چڵەدارێکی گوڵداریان بینی کەبەسەر ئاوەکەوە بوو.

بەم دیمەنانە زۆر سەریان سوڕما، بڕیارباندا بەردەوام بن و هەرئەوشەوە لە کاتژمێر ٢ی سەرلەبەیانیدا ئەو پیاوەی کە ئێشکگر بوو هاواریکرد "هێیی زەوی دەرکەوت!" ئەو ئەمریکای بینی.

تا بەیانی لەکەنارەکە نزیک نەبونەوە، لەبەر مەترسی بەرد کە لە ئاوەکەدا بێت و بەهۆی تاریکییەوە نەیبینن. لە کەشتییەکانیانەوە کەناردەریایەکی لمینیان بینی کە بە دارخورمای جوان ڕازابوەوە. مەل بەکەنارەکاندا دەگەڕان و مەیمون بەدارەکاندا سەردەکەوتن.

دوای ئەوە دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە دەرکەوتن و سەریانسوڕما!

ئیسپانییەکی ئەو ڕۆژە بەم جۆرە دەیگێڕێتەوە:

خەڵکی ناوچەکە، کە ژمارەیان زۆر بوو، بە واقوڕماوییەوە دەیانڕوانییە مەسیحییەکان، بە سەرسوڕمانەوە سەیری ڕیشیان، جلوبەرگەکانیان و سپێتی پێستیان دەکردن... پەنجەیان دەدا لە ڕیشی پیاوەکان و بەورییاییەوە سەرنجی زەردهەڵگەڕاوی دەست و قاچیان دەدان. چونکە بە بێگوناهیان دەزانین ، نە دەریاوانەکەو نە پیاوەکانی بەریان لە هەڵسوکەوتەکانیان نەگرت.

یەکەم شت کە سەرنجی ئیسپانییەکانی ڕاکێشا ئەوە بوو کە دانیشتوانی ئەوێ ڕووت بوون.

نە کۆڵۆمبس و نەهیچ کام لە هاوڕێکانی بەبیریاندا نەهات کە کیشوەرێکی نوێیان دۆزیوەتەوە. کۆڵۆمبس دەیویست "ناوچە هیندییەکان" بدۆزێتەوە- کە مەبەستی باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا بوو، ئەو ناوچەیەی کە لە هیندستانەوە بەرەو چین درێژ دەبێتەوە. ئەو هەر باوەڕی وابوو کە بەڕاستی "ناوچە هیندییەکان" ی دۆزیوەتەوە. هەر بەهۆی ئەوەوە بوو کە ئەوو هەموو ئەورووپییەکانی دیکە دانیشتوانی ئەوێیان ناونا "هیندییەکان" و ئەو دوورگانەش کە ئەو دۆزییەوە بە ناوچە هیندییە خۆرئاواییەکان ناسران.

ئەورووپاو گەڕان بەدوای ناوچە هیندییەکاندا

بۆچی کۆڵمبس ئەوەندە تامەزرۆی "ناوچە هیندییەکان" بوو؟ وەڵامی ئەو پرسیارە بەشێکی لە ناوچەی دەریای ناوەڕاستدا دەبینرێتەوە. جنوەی گەورە شاری ئیتالی خاوەنی یەکێک لە گەورەترین کەشتیگەلەکانی دەریای ناوەڕاست بوو وە بەهۆی بازرگانییەوە لەگەڵ موسوڵمانەکاندا لە سوچی ئەوسەری خۆرهەڵاتدا دەوڵەمەند بوو

بوو. بازرگانەکانی جنوە مادەی Alum[1] یان بە موسوڵمانەکان دەفرۆشت سەرباری کۆیلە سپییەکان کە لەناوچەی دەریای ڕەشەوە دەیانهێنان، بۆ خزمەتکاری لە ماڵە گەورە موسڵمانەکان و کۆشکەکاندا.

لەبەرانبەریشدا ئاوریشم و بەهاراتیان دەکڕی کە لە ئەوروپا خواستێکی گەورەیان لەسەر بوو. هەندێک لەو بەرهەمانە هی سەرزەمینە موسوڵمانەکان بوون، بەڵام زۆربەی لە "ناوچە هیندییەکان" ی ئەولایانەوە دەهات- هیندستان، " دورگەکانی بەهارات" (ئەندەنوسیا) و چین. ئاوریشم و بەهارات لە ئەوروپا نرخیان زۆر بەرز بوو. ئاوریشم دەوڵەمەندە زۆر گەورەکان دەیانپۆشی و بەهاراتیش بۆ تامخۆشکردنی گۆشت بەکاردەهات. ئەمە زۆر گرنگ بوو چونکە زستانان لە باکوری ئەوروپا زۆربەی ئاژەڵەکانیان سەردەبڕی لەبەرئەوەی ئەوەندەیان ئالف لەبەردەستدا نەبوو کە بەشی هەموو ڕان و مێگەلەکانیان بکات. خوێ و بەهارات ناهێڵن گۆشت بۆگەن بکات و تامی ناخۆشی گۆشتی ماوەش دەبڕن.

بۆ ئەوەی لەسەر ئەم بازرگانییە بەردەوام بن کەشتییەکانی جنوە دەبوایە بە ئازادی لە بەشی خۆرئاوای دەریای ناوەڕاستدا کەشتیرانی بکەن و بەرەو دەریای ڕەشیش بەهەمان شێوە تێبپەڕن. لە ساڵی ١٤٥٣دا موسوڵمانە تورکەکان قوستەنتەنییەی شاری دێرینی مەسیحیان داگیرکردو ڕێگای دەریای ڕەشیان داخست.

بۆماوەی بیست ساڵی ڕەبەق خەڵکی جنوە لە خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست وەدەرنران و تورکەکان خۆیان دەستیانگرت بەسەر بازرگانیدا و کەشتیوانە موسوڵمانەکان پەلاماریان دەبردە سەر کەشتییەکانیان.

ڕونووئاشکرا بوو کە سامانی جنوە دادەڕزا ئەگەر ڕێگایەکی سەربەخۆیان نەدۆزیایەوە بەرەو "ناوچە هیندییەکان" و بە ئازادی بازرگانیان نەکردایە. لەبەرئەوە بوو کە پارەدارەکانی جنوە بڕیاریاندا کە پشتگیری ماڵیی دەریاپشکنینەکان بکەن لە دەرەوەی ناوچەی دەریای ناوەڕاستدا لەپێناوی دۆزینەوەی ئەو ڕێگایەدا. ئەو وڵاتەی کە ئەوکاتە خەریکی دەریاپشکنین بوو ئەو وڵاتە بوو کە لە هەمویان نزیکتر بوو لە ئەفریقاو ئۆقیانوسی ئەتڵەسییەوە: پورتوگال. زۆری نەبرد کە کەشتییەوانەکانی جنوە خۆیان بە کەشتییەکانی پورتوگالەوە هەڵواسی. یەکێک لەو کەشتیوانانە کریستۆفەر کۆڵۆمبس بوو. کۆڵۆمبس لە جنوە لەدایک بوو بوو لە ساڵی ١٤٥١داو هەر لەتەمەنی هەشت ساڵییەوە لە ١٤٥٩دا دەستیدابووە پیشەی کەشتیوانی. بەڵام لەناوەڕاستی ١٤٧٠کاندا هەستی بەوەکرد کە ئەو لە جنوە هیچ پاشەڕۆژێکی نییە بۆیە چو بۆ لیسبن و دەستیکرد بە کەشتیوانی لە کەشتییە پورتوگالییەکاندا، وە بەپێی ووتەی یەکەم ژیاننامەنوسی، ئەو " زۆرجار لەگەڵ پورتوگالییەکان کەشتیرانی دەکرد هەروەکو یەکێک بێت لەوان".

کۆڵۆمبس دەریای گرتەبەر

لە ١٤٨٣دا کۆڵۆمبس هەوڵیدا پاشای پورتوگال ڕازیبکات کە تێچونی گەشتێکی دەریایی بگرێتە ئەستۆ بۆ دۆزینەوەی "ناوچە هیندییەکان" لەڕێگای ئاراستەی خۆرئاواوە. ئەگەر بیردۆزەکەی ڕاستبوایە بەوەی کە گەیشتن بە "ناوچە هیندییەکان" بە کەشتیرانی بەئاراستەی خۆرئاوا ئاسانترە، ئەوا پورتوگالییەکان سەدەیەک لە دەریاپشکنینیان بەهەدەر چووبوو کە دەیانویست لەودیو سوچی خوارووی ئەفریقاوە بەئاراستەی خۆرهەڵات بیدۆزنەوە. بەڵام پاشا ئەو پێشنیازەی پێ هەند نەبوو، ساڵی داهاتو کۆڵۆمبس چوو بۆ ئیسپانیا بە ئومێدی پشتگیری شاهانە لەوێ.

لەوکاتەدا هەردوو شانشینی ئیسپانی ئەراگۆن و کاستایڵ تازە یەکیانگرتبووەوە بەهۆی زەماوەندی پاشا فێردیناڵد (ئەراگۆن) و شاژن ئیزابێلا (کاستایڵ) کە هەردوکیان زۆر تامەزرۆی کێبڕکێی پورتوگال بوون لەبواری دەریاپشکنین و بازرگانیدا. بەبینینی کۆڵۆمبس پاشاو شاژن بەدوای ئامۆژگاری پسپۆڕاندا گەڕان دەربارەی بیردۆزەکانی. لە ١٤٩٠دا پسپۆڕەکان بەڕاستی ڕایانگەیاند کە دووریان لە "ناوچە هیندییەکان"ەوە زۆر لەوە زیاترە کە کۆڵۆمبس باسیدەکات، وەهەروەها ئەو بەشێوەیەکی بەرچاو لە قورسایی قەبارەی زەوی و ئەو بەشەی ڕوی زەوی کەمکردۆتەوە کە ئۆقیانوسە.

---

[1] Alum مادەیەکە لە بەرهەمهێنانی قوماشدا بەکارهاتووە بۆ جێگیرکردنی ڕەنگەکان. وەرگێڕ

لەهەمانکاتدا کۆلۆمبس هەوڵیدا کە سەرنجی پاشاکانی فەڕەنساو ئینگلتەرە ڕابکێشێت بۆ ئەوەی تێچونی ئەو گەشتە دەریاییە بگرنە ئەستۆ، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێناو کەس حەزی بەوکارە نەکرد.
دوای ئەوە شانسی کۆلۆمبس گۆڕا. لە هاوینی ١٤٩٢دا شاژن ئیزابێلا بیروڕای خۆی گۆڕی و بڕیاریدا تێچونی دەریاپشکنینێک بدات بۆ سێ پاپۆڕ: سانتا ماریا؛ و دوو کەشتی بچوکتر نیناو پینتا. کۆلۆمبس لە بەندەری پالۆسەوە لە ٣ی ئابدا کەوتەڕێ و لە ٨ی ئابدا گەیشتە دورگەکانی کاناری. لە ٦ی سێپتەمبەردا خۆی ئامادەکرد بۆ پەڕینەوە لە ئۆقیانوسی ئەتڵەسی و لە ١٢ ی ئۆکتۆبەردا گەیشتە دورگەیەک ناوینا سان سەلفادۆر ( ئێستا پێی دەڵێن دورگەی واتلینگ) لە ناوچە هیندییە خۆرئاواییەکان. کۆلۆمبس دڵنیا بوو کە گەیشتۆتە چەند دورگەیەک لەمسەری ئاسیا. هەموشتێک دەقاودەق وەکو بیردۆزەکەی وابوو. تەنها کێشەیەک ئەوەبوو کە شاری سەرنجڕاکێشی لێنەبوو تا بیدۆزنەوە - تەنها دارستان و خێڵەکان دەبینران.

کۆلۆمبس چی دیتەوە؟
دانیشتوانی ئەو دورگانە وریاو دۆستانە بوون. لەنێوان گەلێک شتدا کە کۆلۆمبس تێبینی کرد ئەوە بوو کە ئەوان گەڵای پێچراوەیان دەکێشا ( توتن)، وە لە جۆلانەدا دەخەوتن. ئەو دوو کردارە هەردوکیان بۆ ئەوروپییەکان نوێ بوون. هەروەها لەوەش سەرنجڕاکێشتر ئەو خشڵە زێڕانە بوو کە خەڵکەکە پێوەیان بوو. ئەوان بۆیاندەرکەوت کە زێڕ لە دورگەیەکی گەورەترەوە دێت پێیدەڵێن کوبا وە کۆلۆمبس یەکسەر کەوتە ئەندێشەی ئەوەی کە ئەو دورگەیە دەبێت سیپانگو یان یابان بێت. لەگەڵئەوەشدا لە کوبا زێڕێکی کەمی چنگ کەوت، بەرەو دورگەیەکی بچوک بەڕێکەوت ناوینا " ئیسپانیای بچوک" یان هیسپانیۆلا ( هایتی/ دۆمینیکای ئەمڕۆ).
دانیشتوانی هیسپانیۆلا پێیانڕاگەیاند کە لە پشت دورگەکەوە کیشوەرێکی گەورە هەیە- سەرزەمینی کاریبەکان، دوژمنە نەگریسە مرۆڤخۆرەکان. کۆلۆمبس یەکسەر ووتی ئەوە چینە، وە کاریبەکانیش دەبێت دەریاوانە چینییەکان بن. لەمکاتەدا کۆلۆمبس و پیاوەکانی تەنها لە ئەندێشەی ئەوەدا بوون کە یەک شت بدۆزنەوە: زێڕەکە لەکوێوە دێت!؟
لەبەرئەوەی ژمارەیەکی کەم پیاوی لەگەڵ بوو وە خەریک بوو پێویستی لێدەبڕا، کۆلۆمبس هەستی بەوەکرد کە ئێستا ناتوانێت لەسەر گەڕانەکەی بەدوای زێڕدا بەردەوامبێت. بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ ئیسپانیاو ئەوەی کە دۆزیویەتییەوە بەوانی ڕابگەیەنێت. ئەگەرچی پێش ئەوەی بەم کارە هەستێت، کەشتی سانتا ماریا لە کەناری بەردینی هیسپانیۆلادا شکا. ئەگەر هەموو خەڵکەکەی بکردایەتە نیناو پینتا ئەوا زۆر قەرەباڵغ دەبوو بۆیان، هەربۆیە کۆلۆمبس ٣٩ پیاوی لە کۆخەڵێتەیەکدا بەجێهێشت کە لە تەختەکانی سانتا ماریا دروستیانکردبوو.

گەڕانەوە بەرەو ماڵ
کۆلۆمبس بە کەڵک وەرگرتن لە باکانی باشوری خۆرهەڵات و ئەو تەوژمانەی کە لە کانارییەوە دەهاتن لە ئۆقیانوسی ئەتڵەسی پەڕییەوە. لە گەڕانەوەدا ئەوەندە شارەزای ئۆقیانەسی ئەتڵەسی بووبوو کە دەرک بەوەبکات کە پێویستە کەڵک لە با خۆرئاواییەکان وەربگرێت کە زیاتر بەرەو باکور هەڵدەکەن. بەمجۆرە بەرەو سەرەوە کەشتیڕانیان کرد تا گەیشتنە ئاستی بەرمۆداو دوای ئەوە بەرەو خۆرهەڵات کشان. لەم گەشتەدا نیناو پینتا لە ڕۆژێکدا ١٠٠ میل زیاتریان دەبڕی بەڵام هیچ کەسێکیان نەیاندەزانی بەڕاستی و دروستی لەکوێن!
دوای ئەوە بارەکە شێوا. کۆلۆمبس لە یاداشتی گەشتەکەدا نوسی: "دەریا دەستی کرد بە شەپۆلدان، ئاسمان بوو بە وەیشومە... نەدەمانتوانی بەرەو پێش بڕۆین و نە خۆیشمان لە شەپۆلەکان ڕزگاربکەین... ئەگەر کەشتییەکانمان زۆر چاک نەبونایە ئەوا بێگومان وون دەبوین."
ئەگەرچی دوو کەشتییەکە هیچیان لەو گەردەلولەدا نوقوم نەبوون، بەڵام نینا لەچاو وون بوو وە کۆلۆمبس کە لە پینتادا بوو پەنای برد بۆ لیسبن لە پورتوگاڵ. شتێکی زۆر سەرسامهێنەر بوو کە بۆ پاشای پورتوگالی ڕوونبکاتەوە کە "ناوچە هیندییەکان"ی دۆزیوەتەوە بۆ کێبڕکێکەری گەورەی پورتوگاڵ کە ئیسپانیایەو ئەو

کارەشی لەڕێگای ڕۆیشتن بەئاراستەی خۆرئاوادا ئەنجامداوە. بۆ خۆشبەختی پاشا زۆر لە قسەکانی بەگومان بوو وە بەهیچ شێوەیەک باوەڕی بەقسەکانی کۆلۆمبس نەکرد هەربۆیە ڕێگایدا بڕوات.
کۆلۆمبس لە ١٥ی ئازاری ١٤٩٣دا گەیشتەوە پالۆس، بەوپەڕی شانازی بەخۆکردن و سەرفرازییەوە ڕویکردە کۆشک لە بەرشەلونەو لەوێش زەردوسوری خەڵکی شارو کۆشک هاتن بەپیرییەوە.

گەشتی دووەم و سێیەمی کۆلۆمبس

کۆلۆمبس جارێکی دیکە گەشتی ڕێکخستەوە، ئەمجارە بە ١٧ کەشتی و ١٢٠٠ پیاوەوە. بڕیاریدا بەدوای زێڕدا بگەڕێت و جوتیاریش بەرێت لەسەر ئەو خاکە بەپیتەی کە بینیوەتی جێگیریان بکات. لەبەرئەوە دانەوێڵەی برد بۆ ئەوەی بیچێنێت و ئاژەڵیشی برد بۆ داشت و بەرهەمهێنان. لە سێپتەمبەری ١٤٩٣دا کەناری کادیزی بەجێهێشت.
لەم گەشتەدا کۆلۆمبس ڕوبەڕوی مەینەتی بوەوە. کاتێک گەیشتەوە هیسپانیۆلا هیچ ئاسەوارێکی کۆخەڵیتەکە نەمابوەوە بێجگە لە خۆڵەمێش، زبڵوپیسی، وە چەند لاشەیەکی بۆگەنکردوو نەبێت. زۆر سەخت بوو کە دڵنیاببیت لە ڕاستی ئەوەی کە ڕویداوە، بەڵام وادیاربوو ئەو پیاوانەی کە ئەو بەجێی هێشتبون لەنێوان خۆیاندا دەمەقاڵێیان بوەو دوای ئەوە خەڵکی ناوچەکەشیان توڕەکردووە بە زەوتکردنی هەندێک لە ژنەکانیان. لەئەنجامی ئەوەوە پەلاماریان داون و کوشتونیان.
زۆری نەبرد کە کۆلۆمبس خۆیشی کەوتە شەڕەوە لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە. ٥٠٠ دیلی ناردەوە بۆ ئیسپانیا کە بیانکەن بە کۆیلە، لەوانە ٢٠٠ کەسیان ماوەیەکی کەم دوای ئەوەی کە گەیشتنە ئەوێ مردن. دوای ئەوە دەستی کرد بە سەرانە سەندن لە دانیشتوانی ناوچەکە، وەکو شێوازێکی ناچارکردن بۆئەوەی کە زێڕەکانیان لەژێرچنگ دەربهێنێت. بەڵام ئەوان بەرەو گرد و چیاکان هەڵهاتن و دەستیان دایە بەرەنگاربوونەوەی ئیسپانییەکان.
لە دەوروبەری ئەوکاتەدا کە بەهیوا بوو بەرەو ماڵ بکەوێتەوە ڕێگا لە هیسپانیۆلاوە، گەردەلولێکی "هەریکەین" Hurricane[2] هەڵیکرد و زۆربەی کەشتییەکانی تێکشکاند. بەوەباشبوو کە هەموو خەڵکەکە لەو کاتەدا هێشتا هەر لە وشکانیدا بوون. کۆلۆمبس داوای لەوانەکرد کە بەجێیهێشتن بۆئەوەی شوێنێکی گونجاو بدۆزنەوە بۆ دروستکردنی شارێک. دوای ئەوە بەخۆی و بە دوو کەشتییەوە گەڕایەوەو لە حوزەیرانی ١٤٩٦دا گەیشتەوە کەنارەکانی کادیز. ئەمجارە کەس دیار نەبوو پێشوازی لێبکات، کۆلۆمبس بە بڕێکی کەم زێڕەوە گەڕابوەوە.
کەس دڵی بەوە خۆشنەبوو وە زەحمەت بوو بتوانێت پشتیوانی بۆ گەشتی سێیەم دابینبکات. ئەو وایدایە قەڵەم کە کوبا نیمچە دورگەی مالیزیایە، کەلە سەرزەمینی سەرەکی ئاسیاوە شۆڕبۆتەوە. ئەو هۆشداری دائێ کە ئەگەر ڕێگای پێنەدەن بگەڕێتەوە، لەوانەیە پورتوگالییەکان یەکەمجار بگەنە ئەوێ. لە ئەنجامدا ڕەزامەندی وەرگرت و لە ١٤٩٨دا ملی دەریای گرتەوەبەر.
ئەمجارە کۆلۆمبس گەیشتە بەشی باشوری سەرزەمینی سەرەکی ئەمریکا، کەنار دەریای ڤەنزەوێلای ئەمڕۆ، لەوێ دانیشتوانی ناوچەکە مەرجانی گەورەیان دەکردە دەستیان. کۆلۆمبس بۆی دەرکەوت کە لەسەر لێواری کیشوەرێکە، بەڵام وای زانی چینە. لە بەشی باشوری هیسپانیۆلادا بینی کە پیاوەکانی کە لەگەشتی دووەمدا بەجێیهێشتون دەستیانکردووە بە دروستکردنی شارێک- ئەوەی کە بوو بە سانتۆ دۆمینگۆ.
کۆلۆمبس کەوتە ناکۆکییەوە لەگەڵ هەندێک لە نیشتەجێبووە ئیسپانییەکان، ئەوانە ڕقیان لەوە بوو کە کابرایەکی خەڵکی جنوە فەرمانداریان بێت. ئەو نامانەی کە دەگەیشتنەوە ئیسپانیا وایان دەرخست کە بەخراپی مامەڵەی لەگەڵ پیاوەکانی کردووە، پێشبینی نادروست و ناواقیعی هەبووە لەسەر ئەو دەستکەوتانەی کە دەیویست بەدەستیان بهێنێت وە ئامۆژگاری لەکەس نابیستێت. هەربۆیە فێردیناند و ئێزابیلا بڕیاریاندا کە فەرمانداری دیکە بنێرن بۆئەوەی جێگای بگرێتەوە. فەرماندارە نوێیەکە بۆی ڕونبوەوە کە کۆلۆمبس ئەو نیشتەجێبووە

---

[2] Hurricane ئەو گەردەلولە بەهێزەیە کە ساڵانە کەنارەکانی ئەمریکا دەهەژێنێت، ئەم ووشەیە لەسەر زاری خەڵکی ڕەسەنی ئەوێوە هاتۆتە نێو زمانی ئیسپانی و ئینگلیزییەوە. و.

نوێیانەی لەسێدارە داوە کە لەفەرمانی دەرچون وە لە ساڵی ١٥٠٠دا کۆڵۆمبس نێررایەوە بۆ ئیسپانیا بۆ ئەوەی ئابڕوی بەرن.

دوا گەشتی کۆڵۆمبس

سەرباری ئابڕوچونەکەی، کۆڵۆمبس فێردیناند و ئیزابیلای ڕازیکرد کە هەرچەندە ئێستا کەسانێکی دیکە باشورو باکوری ئەو دورگانەیان پشکنیوە کە ئەو دۆزیونییەوە، بەڵام هیچ کەسێک ئەو دەریایەی نەپشکنیوە کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە خۆرئاوایانەوە. ئەو پێی لەسەرئەوە داگرت کە دەروازەی گەیشتن بە ناوچە هیندییەکان لە لای خۆرئاواوە لەوێوەیە. ئەو ڕەزامەندی پشکنینێکی دیکەی وەرگرت بەڵام بەمەرجێک لە هیسپانیۆلا نزیک نەبێتەوە. چونکە پاشاو شاژن نەیاندەویست لەوەزیاتر کێشە لەنێوان ئەوو نیشتەجێبووەکاندا دروستببێت. ئەوان داوایانلێکرد کە زێڕ، زیو، مەرجان، بەردی بەنرخ و بەهاراتیش بهێنێتەوە. کۆڵۆمبس لە ١٥٠٢دا بەرەو کەنارەکانی ناوەندی ئەمریکا کەشتیرانیکرد و لە دانیشتوانی ناوچەکەوە بۆیڕوونبوەوە کە ئەو ناوچەیە ملەیەکی باریکی زەوییە. ئەو هۆکاری پێویستی لەبەردەستدا نەبوو بۆ بڕینی وشکانی و گەیشتن بە ئۆقیانوسی ئارام، بەهەرجۆربوبێت ئەو هەر وایدەزانی کە لە نیمچەدورگەی مالیزیایە. ئەو کانێکی زێڕی دۆزییەوە، بەڵام کەشوهەوا، جۆری خاکەکە و پەلاماردانیان لەلایەن خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکەوە کارێکی ئەوتۆیان کردبوو کە زۆر ستەم بوو بتوانن زێڕ دەربهێنن.

کاتێک کۆڵۆمبس گەیشتەوە ئیسپانیا سەیریکرد وا شاژن لەسەرەمەرگدایە. پاشاش ئەوەی ویستبوی لە کۆڵۆمبس بەدەستی هێنابوو هەر بۆیە ڕازی نەبوو چاوپێیبکەوێت. کۆڵۆمبس کەوتە گلەیی و گازەندە کە لەلایەن پاشاوە خراپ مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، وە داوای پارەو پولی دەکرد. بەڵام کەس تاقەتی ئەوی نەمابوو. کۆڵۆمبس لە ساڵی ١٥٠٦ دا تاڕادەیەکی زۆر بە لەبیرکراوی سەری نایەوە.

یەکەم کەس کێ بوو لە ئۆقیانوسی ئەتڵەسی پەڕییەوە؟

بێگومان کۆڵۆمبس یەکەم کەس نەبووە کە لە ئۆقیانوسی ئەتڵەسی پەڕیوەتەوە و گەیشتووەتە ئەمریکا. پێنجسەد ساڵ لەوەپێش کەشتی ڤایکینگەکان Vikingsکە لە نەرویجەوە هاتبون، بەرەو ئەمریکا پەڕیونەوە.

ڕەنگە بپرسیت بۆچی ڤایکینگەکان بەرەو ئەمریکای باکور کۆچیانکردووە؟

نەرویج خاکی بەپیتی کەمە. کاتێک ژمارەی دانیشتوان زیادیکردووە، ڤایکینگەکان کۆچیانکردووە بۆئەوەی لە شوێنی دیکە نیشتەجێ ببن. هەندێکیان لە کەنارەکانی باکورو خۆرهەڵاتی بەریتانیا نیشتەجێ بوون و هەندێکی تریشیان لە کەناری باکوری فەرەنسا. ژمارەیەکی کەمیشیان لە ئایسلەند و گرینلەند.

پێدەچێت یەکەم کەشتی ڤایکینگ لە ساڵی ٩٨٦ دا گەیشتبێتە ئەمریکای باکور، بەڵام گەشتی هەرە بەناوبانگ لەلایەن لەیف ئێریکسنەوە ئەنجامدراوە لە ساڵی ١٠٠٣دا. لەگەڵئەوەشدا ڤایکینگەکان لەوباوەڕەدا نەبوون کە ئەوان یەکەم کەس بووبن کە لە ئۆقیانوس پەڕیونەوە، بەڵکو ئەوان لەوباوەڕەدا بوون کە ئیرلەندییەکان لەپێش ئەواندا بەرەو ئەوێ کۆچیانکردووە. ئیرلەندییەکان بە بەلەمی گەورەی ماسیگرتن لەنزیکەی ساڵی ٨٥٠ دا پەڕیونەوە- کە دەکاتە زیاتر لە سەدەیەک بەرلەوان.

دانیشتوانی ڕەسەنی ئەمریکا کێن؟

نە ئیرلەندییەکان و نە ڤایکینگەکان یەکەم کەس نەبوون کە ئەمریکایان دۆزیوەتەوە. یەکەم کۆمەڵە خەڵک کە گەیشتونەتە ئەمریکا ٣٠٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر کۆچیانکردووە، لە سەردەمی چاخی سەهۆڵیندا. لەوکاتەدا بەهۆی دابەزینی ئاستی دەریاوە توانراوە لە سیبریاوە بەپێ بەسەر وشکانیدا بەرەو ئالاسکا بڕۆن. تاقمی بچوک بچوکی سیبریاییەکان بەدوای ئەو ئاژەڵانەدا کە ڕاویانکردون بەرەو کیشوەرەکەی تر ڕۆیشتون. وورده وورده بەهەموو کیشوەرەکەدا بڵاوبونەوەو لە نزیکەی ١٢٠٠٠ ساڵ پێش زایندا گەیشتونەتە ئەمریکای باشور.

لەوکاتەدا کە کۆلۆمبس گەیشتووەتە ئەوێ، زیاتر لە ٣٠ ملیۆن کەس لە هەردوو ئەمریکاکەدا ژیاون، وە زیاتر لە ٦٠٠ زمان لەو کیشوەرانەدا ئاخاوتنی پێکراوە.
زۆربەی ئەو خەڵکانە، پێدەچێت ٢٥ ملیۆنیان، لە مەکسیک ژیاون، کە لەوێ کشتوکاڵێکی زۆرباش گەشەکردوویان هەبووە. نزیکەی نیوەی ئەو خواردنانەی کە ئەمڕۆ لەسەرتاسەری جیهاندا سەوز دەبن یەکەمجار لەلایەن دانیشتوانی ڕەسەنی مەکسیکەوە داچێنراون- کە پێیان دەڵێن هیندییەئەمریکییەکان Amerindians یان هیندییەسورەکان.

سەرچاوە:
David McDowall, The Columbus Project Book. Hodder& Stoughton, London.
لە گۆڤاری خاک ژمارە ٨٨ و ٨٩ ساڵی هەشتەم ٢٠٠٤ دا بڵاوکراوەتەوە.

## بەخێربێن بۆ هیسرۆ Heathrow
## قەرەباڵخترین فڕگەی نێودەوڵەتی



فڕگەی هیسرۆ لە بەریتانیا کە تەنها ١٤ میل لە ناوەندی لەندەنەوە دوورە لە بەری خۆرئاواوە، ئەمڕۆ بە قەرەباڵخترین فڕگەی نێودەوڵەتی دەدرێتە قەڵەم. زیاتر لە ٩٠ هێڵی هەوایی ئەو فڕگەیە بەکاردەهێنن. لەوێوە فڕۆکەکان ڕاستەوخۆ بەرەو دەوروبەری ٢٠٠ شوێنی جیاجیا لە ٨٥ دەوڵەتی سەرتاسەری جیهاندا دەفڕن و ساڵانە لەگەڵ خۆیاندا ٦٣ ملیۆن نەفەر دەگوێزنەوە. ساڵانە فڕگەی هیسرۆ ٤٣٠٠٠٠ گەشتی نێودەوڵەتی دەگرێتە ئامێز، کە بەرێژەی ١٢٠٠ گەشتە لە ڕۆژێکداو زیاتر لەیەک گەشتە لە خولەکێکدا کە لە کاژێر ٦ی سەرلەبەیانییەوە دەستپێدەکات تا نیوەشەو.لە هیسرۆ نزیکەی ٦٠٠٠٠ کەس کاردەکەن؛ ئەم ژمارەیە ئەوەندەی ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەیەکە. ساڵانە ٧٥٠٠٠٠٠ جانتا لەو فڕگەیەدا تاوتوێ دەکرێن. لەو فڕگەیەدا ٩٥٠٠ ترۆلی دانراوە بۆ گواستنەوەی کەلوپەل و جانتای گەشتکەران. ڕۆژانە لەو قەرەباڵخی و تێکچڕانەدا تێکڕا ٢٠ تەلەفونی مۆبایلی گەشتکەران وندەبێت .





هەموو ڕۆژێک ٢٦٠٠٠ کوپ چا دەخورێتەوە لە هیسرۆداو ٦٥٠٠ ساندویچیش دەخورێت. بەهۆی هەبوونی فرۆشیاری لە باج ئازادەوە هەر ٧ چرکە بوتڵێک ویسکی دەفرۆشرێت، کە دەکاتە زیاتر لە ٥٠٠ بوتڵ لە کاژێرێکدا. بنکەی پۆلیسی هیسرۆ خاوەنی ١٤ سەگی پۆلیسییە کە بەئاسانی دەتوانن بۆنی دەرمان و مادە سڕکەرەکان بکەن و ٣٠٠ کارمەندی پۆلیسیش لەو فڕگەیەدا دێن و دەچن. ئەو نەخۆشییەی کە لەنێو گەشتکەراندا زۆر باوە نەخۆشی دڵە کوتەیە. ساڵانە ٤٠ کەس بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە لە میانەی هاتوچۆیاندا لە هیسرۆوە بۆ شوێنەکانی دیکە یان لەوێوە بەرەو هیسرۆ گیانیان لەدەست دەدەن.

فڕگەی هیسرۆ هەروەک هەموو فڕگە  گەورەکان مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوارۆژەکانی جەنگی جیهانی دووەم. یەکەم دەرچەی فڕۆکە لەسەر زەوییەکی تەخت لە نزیک گوندی ستاینیس لە ساڵی ١٩٤٤دا دروستکراوە.




ئەو شوێنە گرنگییەکی مێژوویی هەبووە. یەکێک لە گرنگترین پەرستاگاکانی ئەنگلۆ ساکسۆنەکان[3] بووە بەژێر شوێنی چاوەڕوانی گەشتکەران-٢ Terminal-2 ەوە. گوندی هیسرۆ کە ئەو فڕگە گەورەیەی بەنێوەوە ناونراوە ئێستا لەژێر شوێنی ڕاوەستانی ئۆتۆمۆبێلی سەرەکی فڕگەکەدایە.
واباوە کە ئەو ناوچەیە خێوو جنۆکەی هەیە!. شازادەیەکی ساکسۆنییان بینیوە لە نزیک گۆماوەکان و هەر لەوێش نوقم بووەو دیارنەماوە و کابرایەکی چەتەو یاخیشیان بینیوە بە سواری ئەسپێکی ڕەشەوە، شەپقەیەکی سێسوچی لەسەردابووەو بەنێوان خانۆچکەی پاراستنی جانتاوکەلوپەلەکاندا ئەسپەکەی تاوداوە.  پێدەچێت ئەو ئەفسانانە لەوەوە سەرچاوەیان گرتبێت کە ئەو شوێنە پێشتر گوند بووەو پەرستگاو گۆڕستانی لێبووە؛ ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە وادیارە لەسەرتاسەری جیهاندا هێشتا هەر بەشی خۆی ڕەواجی هەیە.
فڕگەی هیسرۆ لە ١ی کانونی دووەمی ١٩٤٦ەوە وەک فڕگەیەکی نێودەوڵەتی ناسرا، کاتێک فڕۆکەیەکی هێڵی هەوایی بەریتانی- ئەمریکی باشور بەنێو تەمومژی سەرلەبەیانیدا بەرەو بۆینس ئایرس فڕی. لە شوباتی ١٩٥٢دا کاتێک شاژنی بەریتانیا ئێلیزابێسی دووەم لە ئەنتابەوە دەگەڕایەوە بۆ یەکەمین جار وەک شاژنێک لەو فڕگەیەدا پێی نایە سەر خاکی بەریتانیا.
هەر لەو ڕۆژە سەرەتاییانەوە هەتا ئەمڕۆ هیسرۆ لەو کێشانە بەدەر نەبووە کە فڕگە گەورەکان هەیانە. بەردەوام پێویستی بە فراوان بوون و بیناو شوێنی زیاترو فراوانترە بۆئەوەی وەڵامدەرەوە بێت بە داواو پێویستیی ڕوولەزیادی گەشتکەران. لەلایەکی دیکەشەوە خەڵکی ئەو ناوچەیە بەردەوام گلەیی و گازەندە دەکەن لە قەرەباڵخی و دەنگەدەنگ و هەراو هۆریای ئەو فڕگە گەورەیە. ژمارەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕوو لەزیادی فڕۆکە و گەشتکەران واتای ئەگەری زیاتری تاوان دەگەیەنێت. فڕگەی هیسرۆ خاڵی پێکەوەگرێدانی هەموو جیهانە، لەلایەکەوە ئەوروپاو ئەمریکای باکور دەبەستێتەوە بەیەکەوەو لەلایەکی دیکەشەوە ئەوروپا، ناوچەی کەنداو، ئەفریکا و ئاسیا دەبەستێتەوە بەیەکەوە. هەموو جۆرە نەتەوە و ڕەگەزو ڕەسەنێکی ئەم سەرزەمینە ڕێگایان دەکەوێتە هیسرۆ، کە بێگومان لەنێوان هەموویاندا باش و خراپ هەیە. هەربۆیە ڕێوشوێنەکانی ئاسایش و بەرگرتن لە تاوان بە یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی کارمەندانی فڕگە دەدرێتە قەڵەم.

## سەرچاوەکان

1.Airport International, By Brian Moynahan
2. BAA- Heathrow Airport Official site [online]

لە گۆڤاری خاک ژمارە  ٩٥  ی ٢٠٠٥  دا بڵاوکراوەتەوە

**زەماوەندێک لە مانچستەر**

[3] ئەنگلۆ ساکسۆنەکان ئەو خێڵانەن کە لەسەردەمە کۆنەکاندا لە ئەڵمانیایی کۆنەوە بەرەو ئینگلتەرەی ئێستا کۆچیان کردووەو بە باووباپیرانی نەتەوەی ئینگلیز دادەنرێن.



ڕۆژی ٣ ی سێپتەمبەر ڕۆژی فیستیڤاڵی کورتە فیلمی کوردی بوو لە مانچستەر. لەوێدا بە ئامادە بوونی جەماوەرێکی زۆری هونەردۆست و کوردپەروەر زەماوەندی کورتە فیلمی کوردی بە سەرپەرشتی کۆمپانیای شانۆی جیهانی World Theatre Co گێڕرا.

بێجگە لە پێشکەشکردنی ژمارەیەکی بەرچاو کورتە فیلم بە میوانە کوردو بیانیەکان گەلێک چالاکی هونەری گۆرانی و میوزیک و سەماو هەڵپەڕکێش پێشکەش کرا لەلایەن کۆمەڵێک هونەرمەندی کارامەوە. هێڤی خان و کاک هیواو کاک لوقمان و هونەرمەندی میوان Sheila Moaley کە بە کوردی و بە ئینگلیزی دوو گورانی جوانی چڕی، بە دەنگە خۆشەکانیان زەماوەندەکەیان کردبوو بە زەماوەندێکی تەواو.

گروپی هەڵپەڕکێی شانۆش بە پێشکەشکردنی هەڵپەڕکێی کوردی بە شێوەیەکی مۆدێرن و سەردەمیانە زەماوەندەکەیان ئەوەندەی دیکە ڕازاندبوەوە.

من نامەوێت لێرەدا یەک یەک باسی ئەو کورتە فیلمانە بکەم کە پێشکەشکران و دەستبکەم بە هەڵسەنگاندنیان، بەڵام ئەوەی کە زۆر جێگای سەرنجی من بوو ئەو هەموو حەماس و گرۆکوڵە کوردانەیە بوو بەرانبەر ناوبردنی کوردستان و کەرکوک و ئەو چەپڵە لێدانە بوو کە نەک هەر بە دەست بەڵکو بە قاچیش خەریک بوو شانۆکە هەڵدەتەکی بۆ گوتەی " پێویستە ناوی کوردستان لە عێراق دابڕین ! کە لە فیلمی "گەڕانەوە بۆ کەرکوک" دا هاتبوو.

چەند فیلمێکی کوردستانی خۆرهەڵات بەشداری ئەو فیستیڤاڵەیان کردبوو بە فیلمە جوانەکانیان زەماوەندەکەیان دەوڵەمەندتر کردبوو.

شایانی باسە کە کاک ئالان ئەمین بەرنامەکانی دەبرد بەڕێوەو کەناڵی ئازیزی کوردساتیش لەوێ بوون. بەڵام بە هۆی کەمی ماوەی بەرنامەکەو زۆری دۆست و ناسیاوانی خۆیانەوە نەیانپەرژایە سەر کەسی دیکە؛ ئەم دیاردەیەش بەشێکە لە کولتوری کوردەواری و پاراستنی پێدەچێت پێویست بێت.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکەش دەستخۆشی لە هەموو بەشداربوانی ئەو فیستیڤاڵە دەکەم و هیوای بەردەوامی و بەرەوپێشچونی زیاتریان بۆدەخوازم. زۆر سوپاسی کاک هیواو هێڤی خان و کاک ڕێبوار دەکەم کە بانگهێشتیان کردین بۆ ئەو زەماوەندە.

www.kurdistannet.org 11-9-2005 21:05